پینتاگۆن:وەزیری بەرگری نەخۆشخانەی بەجێهێشت



وەزارەتی یەرگری ئەمریکا (پینتاگۆن)،ئەمە دووشەممە، رایگەیاند، ئەستن نەخۆشخانەی جێهێشت.

بە گوێرەی راگەیەندراوی پێنتاگۆن، لێید ئەستن ماوەی دوو هەفتەیە لە نەخۆشخانە خەوێندراوە و نەشتەرگەری شێرپەنجەی پرستاتی بە کراوە.

ئاماژە بە ئەوەشکراوە، پزیشکان ئامۆژگاری لێید ئەستنیان کردووە، تا ماوەیەك لە دوورەوە درێژە بەکارەکانی وەزارەت بدات و دواتر بە یەکجارەکی بچێتەوە سەر کارەکەی.

ئەستنی تەمەن 70 ساڵ، لەژێر چاودێریی پزیشکدایە، بەهۆی ئەوەی بەرپرسانی کۆشکی سپی ئاگادار نەکردبووەوە سەردانی نەخۆشخانەی کردووە و چارەسەری وەرگرتووە، رەخنەی لێگیرا.